# هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان پیرۆز بێ

یاد کردنەوەی هەشتی مارس ڕۆژی ژنان یاد کردنەوەی ڕەنج و خەباتی شێلگیری ئافرەتانی ستەم لێکراو تێکۆشەری کۆمەڵگای نابەرانبەری مرۆڤایەتیە کە بە دەست ئینسانانی ستەمگەر دەچەوسێندرێنەوە.
لە بەرانبەر زوڵم و سەرەڕۆیی چینێك بە سەر چینێکدا، چینی ماف پێشێلکراو و ژێردەستە، بە هەوڵ و موبارەزە لەگەڵ نابەرانبەریەکاندا خەباتێکی درێژماوە بۆ ڕەواندنەوە و نەهێشتنی سەرەڕۆیی و زوڵم لە ئارادا بووە و ئێستاش دوای دەیان ساڵ درێژەی هەیە و هەتا مسۆگەر بوونی ئازادی تاکە کەس و کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی ئینسان بە دەست ئینسان درێژەی دەبێ. ژنان وەك نیوەی کۆمەڵ بە نەبەزی خۆیان هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پیاواندا چوونەتە پێش و لە هەموو ئێش و ئازارەکاندا شەریکی پیاوانن، بەڵام لەلایەن هێندێك دەسەڵاتی چەق بەستوو هەروەها حیزبی بێ بەرنامە و سیاسەتمەداری کلێشەیی کۆسپیان خراوەتە سەر ڕێگە و بۆ درێژەدان بە چەوسانەوەیان مل کەچ کردن بۆ چینی بەرانبەر لە پیلان و بەرنامە و ڕێگای جۆراوجۆر کەڵك وەرگیراوە. هەوڵ دراوە ئەو وەزعە درێژەی پێ بدرێ و لە کۆمەڵگا پیاو سالاریەکاندا بە تەواوی جێگیر بێ، بەڵام ژنانی هەڵسووڕ و داهێنەر و ئازار و بلیمەت بە کۆمەگی پیاوانی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆست، تاویان داوەتە خەباتێکی بەرین بۆ بەرانبەر کردنی جامیعە و لەو پێناوەدا زۆرکاریان کردوە و بەرەو پێش چوونی باشیان هەبووە.
لە ڕۆژی هەشتی مارس باسەکان لە سەر ژنان زیاتر دەبێ و ڕاپەرین و بیرەوەری و پێشکەوتنەکانی ژنان لە بارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و هونەری و ڕۆشنبیری دەخرێنە ڕوو. ئەو ڕۆژە سەمبولێکە کە ئافرەتان بە تێکڕا و خەباتکارانی قۆناغی فمینیستی وەك هەڵێك دەیقۆزنەوە تا داواکاری و ئێش و ئازارەکانیان زیاتر بهێننە بەرباس و ئەوە بە بیر دەسەڵاتە توتالیتە و پاوانخوازەکان بهێنەوە کە تا وەدی هاتنی داواکانیان ئەو ڕێگە دەپێون.
ڕۆژی هەشتی مارس کە ڕۆژێکی مێژووییە لە دێری موبارزەی یەکانگیری ژنانی تێکۆشەردا، بە هەوڵی خانم (کلارازەتکین) ژنە شۆڕشگێڕی ئەڵمانی بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی ئافرەتانی جیهان بە ڕۆژی ژنان ناسێندرا. زۆر کەند و کۆسپ هەبووە لە سەر ڕێگای ژنان تا نەتوانن ڕۆژی هەشتی مارس بکەنە ڕۆژێکی مێژوویی لە تاریخی موبارزەیاند. بەڵام بە خۆشیەوە کەم نین ئەو ناوەند و ڕێکخراو و کەسایەتیە مرۆڤ دۆستانەی کە پاڵپشت بوون بۆ ژنان تا بتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پاڵپشتێکی هەمیشەیی ژنان کور گەلێکی زۆریان بۆ ژنان بەستوە و گەلێك پەیمان نامەیان ئیمزا کردوە کە دژی جیاوازی دانانە لە نێوان ژن و پیاودا. لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/١٢/١٨ لە کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیمانێك بە ناوی سیداو، واتە لە ناو بردنی جیاوازی ئیمزا کرا و بە پێی توانا و بۆ کران هەوڵیان بۆ داوە. ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانیش، یەك لەوان سازمانی خەبات ی کوردستان لە دوای کونگرەی سێهەم گرینگی زیاتری داوە بە ژنان و لەو پێوەندیە زۆر چۆتە پێش.
کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات کە بە هەوڵ و هیمەتی ژنانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و بە پاڵپشتی ڕێبەرایەتی سازمان لە ٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨١ دامەزرا، خزمەتێکی بەرچاوی بە کار و باری ژنان لە ئورگانەکانی سازمان کردوە و لە دەرەوەی وەڵاتیش نەقشی بەرچاویان هەبووە و هاوشان لەگەڵ پیاوان لە ئاکسیونە ئیعترازی و کۆڕ و مەجالیس و کۆبوونەوەی گشتی و تایبەت بەشدار بوون و خاوەن تێز و بەرنامەی خۆیانن بۆ پارێزگاری لە ئافرەتان و تێکۆشەران بۆ وەدی هێنانی خواستەکانیان، و بە بەربەرکانی ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی کە دژمنی سەرەکی ئافرەتان لە ئێراندا بەتایبەت و کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی تێکۆشاون نەقشی ژنان لە سازمانی خەباتدا فورمالیتەنیە بەڵکوو کار کردنی ئەم چینە و بەشداریان لە ڕێبەرایەتی و باقی شوێنەکانی دیکە ئامانج و ئەولەویەتی سازمانەکەمانە. بێ گومان بە هاتنە مەیدانی ژنان و هەوڵدانی ڕێکخراوە ڕەسەنەکان بۆ پێك هاتەشکێنی، پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا قایمتر دەبێ و ئەو ئامانجەی کە ساڵهای ساڵە تێکڕامان خەباتی بۆ دەکەین زوتر دێتە دی.
هەروەها نابێ ژنان تەنیا لە ڕۆژی هەشتی مارس لە بیری مافەکانیان دابن بەڵکوو دەبێ هەموو ڕۆژ کاتێك لە پێناو دەستەبەر کردنی مافی ڕەواو بێ ئەم لا و ئەولایان دا لەحزەیێك لە موبارەزە هەدا نەدەن.
پیرۆز بێ هەشتی مارس

**کۆمیتەی ئافرەتانی**
**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

# سەردانی ئەحمەدی نژاد بۆ عێراق چ ئاکامێکی بوو؟




ئەحمەدی نژاد چوو بۆ عێراق!

ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئاخوندی لە سەروی هەیئەتێك یەکەم سەرۆك کۆماری ڕژیم بوو سەردانی عێراقی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وەڵاتە کۆبووە. سەردانی ئەحمەدی نژاد بۆ عێراق جێگەی سەرنج و بەراورد کردنە لە چەند بارەوە. ئەوە ئاسایی و سروشتیە کە سەرۆك کۆماری هەر وەڵاتێك ب مەبەستە سیاسی و تاکتیکیەکان سەردانی عێراق بکا، بەڵام سەردانی ئەحمەدی نژاد بۆ عێراق لە چوارچێوەی کارێکی ئاسایی سیاسی سروشتیدا نەبوو.
ئاشکرایە ئێستا عێراق لەلایەن هێزی هاوپەیمانان و تەنانەت لە ژێر چاوێری ئەمریکادایە و زۆربەی هێز و لایەنەکان و تەنانەت دەسەڵاتی مەرکەزی لە عێراق هەر کام بە ڕادەیێك لە ژێر کاریگەری ئەمریکادان و نەزەرات و هەڵوێستەکانی ئەو وەڵاتە بە هێند دەگرن. ئەحمەدی نژاد لەکاتێکدا ئەو ڕاستیەی دەزانێ سەردانی عێراق دەکا کە وەك خۆی و ڕژیمەکەی دەڵێ، شەیتانی گەورە (ئەمریکا) لە عێراق لێ جێگیرە. سەرۆکی ڕژیم لێی ڕوونە کە دەوڵەتی عێراق بە پشتیوانی ئەمریکا و هێزەکانی لانی کەم، لە ئێستادا خۆی ڕاگرتوە. لەلایێکی دیکەوە بەشێکی زۆر لە خەڵکی عێراق ڕژیمی ئێران بە یەکێك سەرچاوەکانی دەرد و ئازارەکانیان دەزانن و پێ یان وایە ئەو ڕژیمە چاوی تەماعی لە عێراق بڕیوە و تەنانەت حسین شهرستانی وەزیری نەوتی عێراق کە یەکێك لە وەزیرە شیعەکانە ڕایگەیاند بوو ئێران نەوتی عێراق بە شێوەی ناقانوونی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و دەیفرۆشێ. هەروەها ژنراڵ محەممەد عەبدوڵا شاهوانی بەرپرسی زانیاری عێراق ڕایگەیاندوە، ڕژیمی ئێران دەست لە کار و باری ناوخۆیی عێراق وەردەدا و ڕێگە لە جێ بە جێ کردنی شەڕی دژی ترۆر و وەدی هێنانی ئامانجەکانی دەگرێ.
ئەحمەدی نژاد لە کاتێکدا سەردانی عێراقی کرد کە بەشێکی زۆر لە عێراقیەکان لە سەر ڕێکەوتنی پەیماننامەی ئەلجزایر لە ساڵی ١٩٧٦ تێ بێنی یان هەیە، بەتایبەت نوێنەرانی کورد و غەیرە کورد. ئەوان ئەو ڕێکەوتنە بە زیان دەزانن و داوای پێداچوونەوەی پێدا دەکەن. لەو پێوەندیەدا لە ڕابردوودا سەرۆك کۆماری عێراقیش لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی ڕێکەوتننامەی ئەالجزایری ١٩٧٦ بە زیانی گەلی کورد و عێراق ناهێنابوو.
جیاواز لە هێز و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی، فەرماندەیی هێزی هاوپەیمانی ڕژیمی ئێرانی بە دەست تێوەردان لە کار و باری عێراق و پەرەپێدانی ترۆریست لەو وەڵاتەدا تاوانبار دەکەن، لە لێدوانێکدا ڕۆژی ١٥ی ڕەشەممە، دیوید پاتریوس فەرماندەی هێزە نێودەوڵەتیەکان لە عێراق ڕاگەیاند ڕژیمی ئێران پشتیوانی لە ترۆریست لە عێراقدا دەکا و چەك و تەقەمەنیان بۆ دەنێرێ، هەر لە ڕۆژی ١٥ی ڕەشەممەدا هێزی هاوپەیمان ڕایگەیاند یەکێك لە بەرپرسانی چەکدارانی سەربە ڕژیمی ئێران لە ناوچەی نعمانیە لە خواروی بەغدادیان گرتوە. بەڵێ ئەوە کورتەیێك لە دەخالەت و دەستتێوەردانەکانی ڕژیمی ئاخوندی لە عێراقدایە، کە ئەگەر ئاماژە بە تەواوی ئەو دەستتێوەردانانەی ڕژیم بکرێ زۆری دەوێ.
لە بەرانبەر ئەو گشتە دەستتێوەردان و خراپکاریەی ڕژیم لە عێراقدا پاسدار ئەحمەدی نژاد، لە سەفەری بۆ عێراق داوا دەکا هێزی هاوپەیمانان لەو وەڵاتە بچنە دەر. دیارە ئەو داوایەی ئەحمەدی نژاد بۆ ئەوەیە تا ڕێگە بۆ دەخاڵەت کردنی زیاتری ڕژیم خۆشتر بێ و بە باشی و ئاسانی دەست بە سەر عێراق و سەرمایەکەی و چاڵە نەوتەکانیدا بگرێ.
گومان لەوەدا نیە کە سەفەری ئەحمەدی نژاد بۆ عێراق جیاواز لەوەی کارێکی تەبلیغی و هەوڵ بۆ هاندانی دەست و پێوەندەکانی لە ناوخۆی عێراقدایە بۆ کردەوەی خراپ و ئاژاوەگێرانەی زیاتر. وەك لە ناوەرۆك و ئاکامەکانی سەرفەری ئەحمەدی نژاد دەردەکەوێ بێجگە لەو مەبەستە خراپانە ئاکامی سیاسی و ڕێکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدی نەهاتوە. ئەگەر چەند ئەو ڕێکەوتنەش ڕوویان دابێ، شتێکی ئەوتۆ نەبوون، ئەحمەدی نژاد لە سەردانەکەی دا، تەنانەت نەیتوانی کارێکی ئەوتۆ بکا و هەر چەند هەوڵی بوو لە ڕێگەی حکومەتی عێراقەوە فشاری زیاتر بخاتە سەر سازمانی موجاهدینی خەلقی ئێران و دانیشتوانی ئەشرەف. بەڵام لەو هەنگاوەشیدا سەرکەوتوو نەبوو. هەواڵدەری سی ان ان، لە ڕاپۆرێکدا نووسیویەوە ئەحمەدی نژاد ئەو سەفەرەی لە سەروبەندی هەڵبژاردن لە ئێراندا کە ژمارەیێك ئەوە بە ڕفراندومێك بۆ ئەحمەدی نژاد دەزانن بۆ مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی موخالفەکانی کەڵکی لێ وەردەگرێ. زۆر کەس ڕەخنەی لێ دەگرێ کە زیاتر لە پێوەند بە سیاسیەتی دەرەوە کار دەکا تا کار لە سەر ئابووری نەخۆشی ئێران. ئەحمەدی نژاد بەڵێنی داوە یەك ملیارد دولار پوڵ بداتە عێراق و سەدان ملوین دولاریش بە حیزب اللە و حەماس، کە لە بەرانبەردا ئێرانیەکان دەڵێن باشتر وایە بەشێك لەو پووڵە بۆ ئێران و وەزعی ئابووری خەرج بکرێ.
بەڵێ سەردانی ئەحمەدی نژاد، ئاکامی بۆ ڕژیم سەرۆك کۆمارەکەی بێجگە لە ئابڕوچوونی زیاتر بەدواوە نەبوو، بەتایبەت کە بەشێکی بەرچاو لەلایەنە و هێزەکانی عێراقیەکان ئامادە نەبوون چاویان پێی بکەوێ.

# ئەمریکا ڕایگەیاند، هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لە ئێران خراپتر بوە لە ڕابردوو

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤیدا کە ڕۆژی سێ شەممە ٢١ی ڕەشەممە بڵاوی کردەوە، هەل و مەرجی ئازادی مەدەنی و مافی مرۆڤی لە ئێران لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٧ خراپتر لە ڕابردوو ناساند.
بە پێی ئەو ڕاپۆرتە کە هەل و مەرجی مافی مرۆڤی لە ١٩٠ وەڵاتی جیهانی خستۆتەبەر لێکدانەوە، لە پێوەند بە ئێران هاتوە، ڕژیمی ئێران مافی هاووەڵاتیانی بۆ ئاڵ و گۆڕی سیاسی ئاشتیخوازانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە بەربەست کردوە.
لەو ڕاپۆرتەدا هاتوە، زانیاری لە بارەی ئێعدامی نارەوا لە دوای دادگایی غەیرە عادڵانە دەرکەوتوە و هێزە ئەمنیەتیەکان ئەفرادیان بە مەبەستی سیاسی ڕفاندوە، شکەنجەوە بەڕێوەبردنی تۆ لە ئەستاندنەوەی قەدەغە کراو، لەوانە بەردەباران کردن، برینی ئەندامانی لەش، قەمچی لێدان، و زۆرهێنانی لە ڕادەبەدەر لە دژی نارازیان و زیندانی کردنیان درێژەی هەیە.
لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، تاقمە مەزهەبیەکانی سەربە ڕژیم تاوانبار کراون کە توندوتیژی پەیرەو دەکەن، وەزعی ژنان بە شێوەیێکی بەرچاو خراپتر بووە، هێزە ئەمنیەتیەکان هەر لە خۆوە خەڵك دەگرن و گرتن و دەست بە سەرکردنی ئەفراد درێژەی هەیە. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤ، ڕەخنە لە نەبوونی بەشی قەزایی و دادوەری سەربەخۆ و نەبوونی دادگایی ئاشکرا و عادڵانە لە ئێران گیراوە.
لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە ڕژیمی ئێران بەشێوەی سەرکوتگەرانە ئازادی مەدەنی لەوانە مافی قسەکردن و ووتار خوێندنەوە. ڕۆژنامە و بڵاوکراوە، کۆبوونەوە، ئەنجومەنەکان و ئازادی تاکە کەسی پێ شێل دەکا و هەروەها کۆسپ بۆ ئازادی مەزهەبی دروست دەکا.
بەڕێوەبردنی توندوتیژی و کەند و کۆسپە قانونیەکان و کۆمەڵاتیەکان لە دژی ژنان، پەیرەوانی مەزهەب و نەتەوەکان، هەوڵە دژی یەهوودیەکان و هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ هاوجنس بازەکان، لەو دیاردانەن کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەڵێ ڕژیمی ئێران و تاقمەکانی سەربەخۆی لە ساڵی ٢٠٠٧ بە توندی بەڕێوەیان بردوە.
لەو ڕاپۆرتەدا، بەڕێوەبردنی زۆر لە بەرانبەر کرێکاران، لەوانە نەبوونی مافی ئازادی کۆبوونەوە، مەسەلەی مندالانی کرێکاران، بە کێشەیێکی گرینگ باس کراوە و ئاماژە بە پێنجەمین بڕیارنامەی ساڵی ڕابردووی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە.
لە درێژەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، وردەکاریەکانی تەواوی پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ، لە ئێراندا، ئاشکرا کراوە و هەل و مەرجی کەمایەسیە ئایینی و مەزهەبیەکان، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و چاپەمەنی لە ئێراندا بە ڕوونی باس کراوە.